**دلۆپێک مەرەکەب**

**دلۆپی 11**

## ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان

**نووسینی: ڤینۆس فایەق**

**venus.faiq@gmail.com**

تێبینی: ئەم گۆشەیە هەفتانە هەموو یەکشەممەیەک لە ڕۆژنامەی (کوردستان ڕاپۆرت) لە هەولێر بڵاو ئەبێتەوە.

ڕووداوەکانی ئەمدواییەی کەلار و کفری و ناوچەکانی تر و شێوەی مامەڵەکردنی ئیدارەی کوردی لەگەڵیدا ، سەرباری ئەو حاڵەتی ناڕەزایی و بێئومێدیەی لە بنەڕەتدا لەناو ریزەکانی خەڵکیدا بوو ، جۆری ئەو مامەڵەکردنە و ئەو بەدەنگەوەهاتنە بێهێزەی ئیدارەی کوردی برینەکانی ناودڵی خەڵکی سادە هێندی تر قووڵ کردەوە نەک سارێژی بکات ، زیاتر دەنگی ناڕەزایی و سکاڵای بەهێز کرد نەک کزی بکات ، مەودای نێوان خەڵکی سادە و دەسەڵاتی سیاسی کوردی هێندی تر فراوانکرد نەک تەسکی بکاتەوە و نەیهێڵێت ، ئەوەش بووە هۆی کاردانەوەیەکی تری لە شێوەیەکی تر لەناو ریزەکانی ڕۆشنبیر و ئەوانەی توانای قسەکردن و دەنگ بەرزکردنەوەیان هەیە.

بێئەهمیەت کردنی ئەو ڕووداوانە و دانانی لە پەراوێزی هەواڵەکانی میدیاکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا هەموو هەڵوێستێکی ناو ریزەکانی سەرتاپای خەڵکی گۆڕی بەرامبەر بە هەڵوێستی ئیدارەی کوردی ، لەکاتێکدا دەبوو زۆر لەوە زیرەکانەتر مامەڵەیان لەگەڵ هەست و نەستی میللەتدا بکردابا..

نازانم هەتا ئیستا بۆچی ئیدارەی کوردی ناتوانێت بە شەفافی مامەڵە و کردار بکات ، جیاوازیەکی گەلێ گەورە هەیە لەنێوان ئەوەی بانگەشە بۆ شەفافیەت دیموکراسیەت بکەیت لەگەڵ پیادەکردنی بنەما ئەو شەفافیەت و سەرەتاییەکانی دیموکراسیەتە ،چونکە جیاوازیەکی گەلێ گەورە هەیە لە نێوان قسە باقوبریقەکان و لە نێوان واقیعدا ، لە نێوان دروشمەکان و لە نێوان جێبەجێ کردنیان لەسەر ئەرزی واقیع.. هەتا ئیستاش ئیدارەی کوردی توانای قسەی گەورە و جوان و باقوبریقیان هەیە ، ئەوەی گوێ دەگرێ شاگەشکە ئەبێت ، بەڵام هەرگیز توانای ئەوەیان نیە ئەوەی ئەیڵێن بیکەن بە کردار ، هەر ئەسڵەن هونەری دان نان بە هەڵەدا نازانن، هونەری دڵڕاگرتنی میللەت نازانن ، وهەر بیریان لەوە نەکردۆتەوە دڵی میللەت ڕاگرن ، چونکە نایانەوێت ڕایگران ، چونکە ڕاگرتنی دڵی میللەت لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیان لەسەر ئەرزی واقیع دژ بەیەک ئەوەستنەوە..

کە بڵاوکراوە و ڕۆژنامەکانی هەردوو حیزبی خاوەن دەسەڵاتم ئەخوێندەوە سەبارەت بە ڕووداوەکانی کەلار و کفری و ناوچەکانی تر مووچڕکە بە گیانما ئەهات ، هێند هەواڵەکەیان بە بێگرنگی داڕشتبوو ، و دواتر هێند بە بێئەهمیەت باسیان لە سکاڵاو ناڕەزایی خەڵکەکە ئەکرد لە جیاتی ئەوەی ڕووی ڕاستەقینەی مەسەلەکە بخەنە ڕوو و داوای ڕێگەچارەی شیاوی بۆ بکەن.. نازانم وەزیفەی ڕاستەقینەی ڕۆژنامە و میدیای ئەو حیزبانە چیە؟ بچووکردنەوە لەپەراوێزنانی سکاڵاو ئازارەکانی میللەتە ، یان بەربەرەکانی کردنی خەم و کێشەکانیانە؟

کە ڕۆژنامەیەکی حیزبی خۆپیشاندەرەکان بە گێرەشێوێن ناوزەند بکات و بڵێت و دەستێکی تێکدەر لەپشتیانەوە هەیە ، ئەوە مانای ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ خواست و ئارەزوو و داخوازیەکانی میللەتدا نیە ، گوایا ئەگەر دەستێکی تێکدەریش نەبێت میللەت عەقڵی بە بارودۆخەکە ناشکێت و نازانێت سکاڵا بکات و دەنگی ناڕەزایی بەرز بداتەوە ، یان گوایا دەسەڵاتی

سیاسی هیچ کەمتەرخەمیەکی نیە بەرامبەر بە میللەت ، لە کاتێکدا دان نان بە هەڵە و کەمتەرخەمیدا بۆخۆی تاوان نیە دەسەڵاتێک لێی بترسێت ، ئەبێت ئەو دەسەڵاتە هەر دەسەڵاتێک بێت هێند لەخۆبوردوو و شەفاف بێت بتوانێت هەڵە و کەمتەرخەمیەکانی خۆی ببینێت و دانی پیا بنێت ، خۆ باوەڕناکەم میللەت دەسەڵات لەسێدارە بدات لەسەر ئەو مەسەلەیە ، ئەگەر دەسەڵات میللەت لەسێدارەنەدات لەسەر سکاڵا و ناڕەزاییەکانی..

عەرەب و بەتایبەت فەلەستینیەکان تەیەکی گەلێ کۆن و دێرینیان هەیە ، ئەو دەمەی لە هەر کوێیەک لە جیهانی عەرەبی رووداوێک روو ئەدات ئەڵێن ئەوە دەستی ئیمپریالیەت و سەهیۆنیەتی لەپشتەوەیە ، ئیمپریالیەت و سەهیۆنیەتیان کردۆتە بزمارێک و هەموو خواروخێچیەکانی خۆیانی پیاهەڵئەواسن ، کردوویانن بە خێو و دێودرنجە ، کەسێ نەزانێت ئەوان نەبن تاوان لە جیهانی عەرەبیدا نابێت ، بۆ ئەوەی خۆیان بەدوور بگرن لە هەموو هەڵە و کەمتەرخەمیەک و بیری میللەت لە بەرپرسی سەرەکی دوور بخەنەوە کە خۆیانن..

ئیدی کە دەسەڵاتدارێکی حکومی دێتە سەر تەلەفزێۆن و لە قەدر و قەبارەی سکاڵاو ئازار و کێشەکانی میللەت کەمدەکاتەوە ئەوە بۆخۆی بۆشایی نێوان میللەت و دەسەڵات گەورەتر دەکات ، لەکاتێکدا بەباوەڕی من دەسەڵاتی سیاسی کوردی ئەمرۆ بەرەو قەیرانێکی ناهەموار ئەچێت ئەگەر دڵی میللەت رازی نەکات ئاکامێکی وا ئەکەوێتەوە باوڕم وانیە بە ئاسانی بتوانێت لە سزا و لێپرسینەوەی میللەت بە ئاسانی رزگاری ببێت ، ئەمرۆ ئیدارەی سیاسی کوردی لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە راستکردنەوەی هاوکێشە سیاسیەکە هەیە کە میللەت لایەکێتی و دەسڵات لایەکی تریێتی ، بەمەبەستی ئەوەی هەموو ماناکان بچنەوە ناو خانە شیاوەکانی خۆیان و کەمێک لە پەیوەندی نێوان میللەت و دەسەڵات روون و شەفاف بکات و وێنە لێڵەکانی میللەت و دەسەڵات کۆدەکاتەوە روون بکاتەوە..